

# داوا دەکرێت لە رووی پەروەردە و فێرکردنەوە بایەخی زیاتر بە منداڵانی بێ سەرپەرشت بدرێت

بەپێی ئامارەکان لەسەرئاستی جیهان بەهۆی جەنگ و ناکۆکی و نەخۆشی و برسێتی رۆژ لە دوای رۆژ ژمارەی منداڵی بێ سەرپەرشت زیاد دەبێت. منداڵانی بێ سەرپەرشت وێڕای دابڕانیان لە سۆزی باوان لە زۆربەی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی رۆژانەشیان بێبەش دەبن، لە سەرووی هەموویانەوە دابڕانیان لە خوێندن و پەروەردە و فێرکردن، هەرێمی کوردستانیش بەهۆی جەنگ و ململانێ و دۆخی سیاسیی عێراق و داڵدەدانی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە، ژمارەی منداڵانی بێ سەرپەرشتی کەم نین، چالاکانی مەدەنیش داوا لە حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار دەکەن، لە رووی پەروەردە و فێرکردنەوە بایەخی زیاتر بە منداڵانی بێ سەرپەرشت بدرێت. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان رای خۆیان دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ئیراد منوچر، سەرپەرشتیاری پەروەردەییە و سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «بایەخدان بە منداڵانی بێ دایك و باوك لە رووی پەروەردە و خوێندنەوە بابەتێکی زۆر هەستیارە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی خزمەتگوزاریی پەروەردەیی لە ئاستیکی لاوازدایە و منداڵانی بێ سەرپەرشت هیچ ئیمتیازێکیان نییە و زۆر جار بە بێ جیاوازیی رەگەزی رووبەڕووی وازهینان لە خوێندن دەبنەوە.» گوتیشی: «هەرچەندە خوێندن تا پۆلی نۆ ئیلیزامییە لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، بەڵام رێکارەکان بۆ وازنەهینانی قوتابی زۆ لاوازە و میکانیزمی جددی ساڵانە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە ناگیرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. سەرەڕای ئەوەی منداڵ و مێرمنداڵانی بێ سەرپەرشت زۆر جار ئەرکی بەخێوکردنی خیزانیان دەکەوێتە ئەستۆ و لە بازاڕی کار بە بێ گرنگیدان بە تەمەنیان کاریان پێدەکەن و هان دەدرێن واز لە خوێندن بهێنن.» سەبارەت بە چارەسەری ئەو کێشەیەش گوتی: «پێویستە وەزارەتی پەروەردە بە هاوکاریی وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی رەچاوی باری بژێوی خێزانە بێ سەرپەرشتەکان بکەن، هەروەها بەدواداچوون بکەن بۆ وازهێنانی قوتابیان و بە پاڵپشتیی یاسا کاری جددی بۆ پشتگیری لە قوتابیانی بێ سەرپەرشت بکەن، لە لایەن رێنماییکارانی پەروەردەی قوتابخانەکان ئاراستەی تەندروست بکرێن و خێزانەکانیان پەیوەندیی توندوتوڵیان لەگەڵ قوتابخانەکان هەبێت.».

گوتیشی «هەندێ رێکخراو و ناوەندی خێرخوازی لە هەولی ئەوەدان منداڵانی بێ سەرپەرشت بگرنە خۆیان و بە بێ بەرامبەر خزمەتگوزاریی پەروەردە و فێرکردنیان لە ئەستۆ بگرن»، وێڕای دەستخۆشیکردن لەو کارە پڕبەهایە، گوتی: «لەخۆگرتنی منداڵی بێ سەرپەرشت گشتگیر نییە و سەرجەم منداڵانی بێسەرپەرشت ئەم خزمەتگوزارییە نایانگرێتەوە، چونکە کوالیتیی خزمەتگوزارییەکان سنووردارە لە ئاستی لۆکاڵی و ناوچەییدایە، بۆیە دەبێت دەوڵەت ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ کە دیاریکردنی چارەنووسی توێژێکە کە زۆر لەبارن بۆ ئەوەی لە ناوکۆمەڵگەدا پەراوێز بخرێن.»

چالاکی مافناس باران محەمەد، سەبارەت بە هەمان پرس بەمجۆرە رای خۆی دەردەبرێت: «پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پەروەردەیی بۆ منداڵانی بێ سەرپەرشت نەك هەر پێویستە بەڵکو واجبێکی مرۆڤایەتییە و پێویستە لە یاسادا دەرچەیەکی بۆ بکرێتەوە و ئەم خزمەتگوزارییە بە یاسا بچەسپێندرێت، چونکە نەك بە تەنیا کاریگەری بۆ سەر منداڵ و دوارۆژی دەبێت، بەڵکو کاریگەرییەکی ئەکتیڤ و ئەرێنی بۆ دەوڵەت و بەهاکانی دروست دەکات. بەتایبەتی کە دەبینین لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا گرنگییەکی زۆر بەم بابەتە دراوەو پەڕاوی تایبەتی بۆ کراوەتەوە، بێگومان ئەمەش ئامانجی دیاریکراوی لەپشتە، کە مەبەست لێی بێبەشنەکردنی منداڵە لەپەروەردەی تایبەت وەك دابینکردنی سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی ژیانیان بەتایبەت لە رووی پەروەردەیی و پێگەیاندنی منداڵێکی پەروەردەکراوی دروست، تا لە داهاتوو کۆمەڵگەیەکی پڕ لە بەهای ئەخلاقی و تەندروستمان هەبێت.» گوتیشی: «هەبوونی جێگایەکی پەروەردەیی دروست زۆر ئیجابییە، چونکە ئەم جێگا پەروەردەییانە بەرپرسن بەشێوازێکی راستەوخۆ لە دیاریکردنی داهاتوی منداڵ، سەرەڕای ئەوەی دووریان دەخاتەوە لەوەی کە منداڵان بەرەو ئاقارێکی خراپ ببردرێن و لەسەرجادەکان بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەك بمێننەوە، کە ئەمەش دواجار دەبێتە مایەی مەترسی بۆ داهاتووی کۆمەڵگە، لەبری ئەوەی ببنە یارمەتیدەر و دەستێکی کار لە بنیاتنانی کۆمەڵگەدا.»

دکتۆر عەبدولفەتاح حەمە رەحیم هەورامی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەکۆلیژی پزیشکی هەڵگری بروانامەی ماستەر و دکتۆرا لە تەندروستیی کۆمەڵ، پرۆژەیەکی بە ناوی (پرۆژەی تیم بۆ پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵی (بێ باوك و دایك) بۆ خزمەتکردن پێشکەش بەم توێژە بێ نازە کردووە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵانی بێ باوك و دایك بەرپرسیاریەتی هەموومانە و روانینی پرۆژە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵانی بێ باوك و دایك بەبنەما سەردەمییەکانی پەروەردەو فێربوون، گەرەنتی دابینکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و بەرهەمدار دەکات بۆ فێرخوازانی پرۆگرام. ئامانجمان پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵانی بێ باوك و دایك لەم روانە ١: پەروەردە، پەرەپێدان، سەرکەوتن لەخوێندن. ٢: هاوکاریکردنی خێزانەکانیان لە پرۆسەی فێربوون و پەروەردە. ٣: ئامادەکردنی منداڵەکان بۆ داهاتوو، بۆ ئەوەی ببنە تاکێکی سوودبەخش و بەرهەمدار بۆ خۆیان و خێزان و کۆمەڵگەکەیان.

لەدەستدانی باوك یان دایك دەبێتە هۆی بەجێهێشتنی کەلێنێکی گەورە لە پەروەردەکردنی منداڵدا، کە زۆرجار دوورنییە ببێتە هۆکاری دابڕینی تەواوەتی منداڵەکە لە پرۆسەی پەروەردە و فێربووندا، بەتایبەت لە خێزانە هەژارەکاندا. لەم پێناوەدا بیرۆکەی (پرۆژەی تیم) هاتەئاراوە، کە پرۆژەیەکی تایبەتی پەیمانگای تیمە بۆ پەروەردەکردن و پەرەپێدانی توانای منداڵانی بێ باوك و دایك، کە تەمەنی لەنێوان (٧-١٥ )ساڵدا بێت.»

رێکخراوی (یونسێف)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئامارێکیدا ئاماژە بەوە دەکات لە کۆی ١٤٠ ملیۆن منداڵی بێ سەرپەرشت لەجیهاندا، پێنج ملیۆنیان عێراقین لە ئەفغانستان دوو ملیۆن منداڵ و لە سووریاش نزکەی یەك ملیۆن منداڵ بێ سەرپەرشت بوون. یونسێف ئەوەشی ئاشکرا کردووە، کە هەموو رۆژێك لەسەرئاستی جیهان دە هەزارمنداڵ رەوانەی خانەکانی بێ سەرپەرشتان دەکرێن.

**هەرچەندە خوێندن تا پۆلی نۆ ئیلیزامییە لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، بەڵام رێکارەکان بۆ وازنەهینانی قوتابی زۆ لاوازە و میکانیزمی جددی ساڵانە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە ناگیرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە**

**منداڵ و مێرمنداڵانی بێ سەرپەرشت زۆر جار ئەرکی بەخێوکردنی خیزانیان دەکەوێتە ئەستۆ و لە بازاڕی کار بە بێ گرنگیدان بە تەمەنیان کاریان دەدرێتە و هان دەدرێن بۆ ئەوەی واز لە خوێندن بهێنن**

**پێویستە وەزارەتی پەروەردە بە هاوکاریی وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی رەچاوی باری بژێوی خێزانە بێ سەرپەرشتەکان بکەن، هەروەها بەدواداچوون بکەن بۆ وازهێنانی قوتابیان و بە پاڵپشتیی یاسا کاری جددی بۆ پشتگیری لە قوتابیانی بێ سەرپەرشت بکەن**